# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای کوشتنی ڕەفیق حەریری

کاوە ئەمین

دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنان،ڕەفیق حەریری، لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا کوژرا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێکی تر بووەوە نێوەندی دەنگوباسەکانی جیهان، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ئەگەری دەستێوەردانی سوریا لەو کردەوەیەدا، ڕۆژانە دووپاتدەکرێتەوە و گەلێک وڵاتی جیهان بە تایبەتی ئەمریکا و فەرەنسا ڕاشکاوانە داوای کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان دەکەن. ئەوە جاری یەکەمە کە ئەمریکا و فەرەنسا لە دوای ڕوخانی عێراق، کە فەرەنسا ڕاستەوخۆ دژی وەستایەوە، لەسەر خاڵێکی سیاسەتی دەرەوەیان هاوڕابن.

لە هەمووشی گرنگ تر، داوای بەربڵاوی خەڵکی لوبنان بۆ کشانەوەی هێزەکانی سوریا تا دێت تەشەنە دەستێنێ و دەوڵەتی سوریای خستۆتە مەترسییەوە کە لە دوای ڕوخانی بەعسی عێراقەوە بە پشتیوانی کردن لە تیرۆریستان و بەعسییەکانی عێراق تاوانبار دەکرێت و ڕۆژانە پەردە لەسەر ئەو پەیوەندیانە هەڵدەدرێتەوە، بە تایبەتی لە شاری گەورەی باشووری کوردستان موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری.

نزیکبوونەوە و هەنگاوهەڵهێنانی سەرکرادایەتی نوێی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرایل، بەرەو "ئاشتی"، سوریایی دووچاری دڵەڕاوکە کردووە، هەربۆیە پێدەچێت سوریا زیاتر هانی گرووپە تیرۆریستیەکان بدات تا درێژە بە کارە تیرۆریستیەکانیان بدەن، لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بە کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە لوبنان بە تایبەتی ڕاپەرینی خەڵکی لوبنان لە دژی دامودەسگاگانی بەعس، ڕاستەوخۆ جەسارەت دەدات بە خەڵکی سوریا بۆ ڕاپەرین و ڕزگاربوون لە دەست دیکتاتۆریەتی بەعس، چونکە بە لە بەرچاوگرتنی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، ئەگەری ڕوخانی سوریا زیاترە وەک لە ئێران، تەنانەت بەبێ دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکاش، هەڵبەت ئەگەر بەشار ئەسەد، سوود لە کەرێتیەکانی سەددام وەرنەگرێت و مەرجەکانی ئەمریکا قبوڵنەکات. شۆڕشی پرتەقاڵی، ئەوەی کە لە ئوکرانیا ڕووی دا، ڕەنگە زۆر شوێنی تری دنیا بگرێتەوە، دەکرێت داواکاری و ڕێپێوانەکانی خەڵکی لوبنان بۆ کشانەوەی سوپای سوریا و دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی لوبنان، لەگەڵ شۆڕشی پرتەقاڵی ئوکرانیا بەراورد بکەین، گومان لەوەدا نییە کە ئەمریکا ناڕاستەوخۆ خۆی لە کاروباری ناوخۆی ئوکرانیا وەرداوەو ئەم سیاسەتەشی بەردەوام دەبێت لەگەڵ وڵاتانی تریش، بە تایبەتی سوریا و ئێران.

هاتنی جۆرج دەبلیو بوش بۆ ئەوروپا و بانگاشەی ئاشتبوونەوە و بە هێند وەرگرتنی هێزی ئەوروپا و، وەکو پارتنەر تەماشاکردنی ئەوروپا لەلایەن ئەمریکاوە، سیاسەتێکی نوێیە لە دیبلۆماسیەتی ئەمریکا لە مەڕ ئەوروپا. ئەمریکا دەیەوێت بەو سیاسەتە نوێیەی، برینەکان سارێژ بکات و خۆی لە گێژاوی دەمە بۆڵەی ئەوروپا ڕزگار بکات، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەوروپییەکان بڕیاریان داوە لەگەڵ وڵاتی کەونارەی چین، پرۆژە ئابووریەکانیان بە تایبەتی فرۆشتنی چەک بەو وڵاتە پەرە پێبدەن. هەمانکات، ئێران لەلای خۆیەوە لە دانوساندنێکی بەردەوام دایە لەگەڵ سێ وڵاتە زلهێزەکەی ئەوروپا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و بەریتانیا بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی چەکی ئەتۆمی کە ئێران گومانی دروستکردنی لێدەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە ئێران پەیمانە ئابووری و سەربازییەکانی لەگەڵ ڕوسیا لە پەرەسەندندایە سەرای فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ڕوسیا، بۆیە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، ڕیالیستیانە نییە.

هەروەک دەبینین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نێوەندی گێرمەوکێشە قوڵەکانە کە زۆربەی زلهێزەکانی جیهانیش، پەیوەندیدار دەکات. دامەزراندنی حکومەتی ئایندەی عێراق، کە کوردی باشوور فاکتەرێکی گرنگن

تێیدا بە حوكمی ڕێژەی كورد لە پەرلەمانی عێراقدا، لەو كارە سەختانەیە كە ڕووبەڕوی ئەمریكا بووەتەوە، بە تایبەتی ترسی دامەزراندنی حكومەتێكی ئاینی لەو وڵاتەدا، زیاتر پێگەی كورد بە هێز دەكات كە حكومەتێكی وا ڕەت دەكاتەوە. هەربۆیە دەبێت كورد زیاتر پێ لەسەر داخوازییەكانی خۆی دابگرێت، بە تایبەتی ئەو هەڵانەی كە كران و بوونە هۆی وەدەرنگ خستنی هێنانەوەی كەركووك بۆ ژێر ڕكێفی دەسەڵاتی كوردی، نابێت دووبارە بكرێنەوە، چونكە هێشتنەوەی باری كەركووك بە هەڵواسراوی وەكو ئەوە وایە كورد هیچی نەكردبێت بە هیچ.

خاڵێكی تری گرنگ هەڵوێستی سایسەتی نوێی توركیایە بەرانبەر باشووری كوردستان. سەردانی وەفتی توركیا بۆ لای مام جەلال و هەندێك بەڵێن كە داویانە، گوایە كە رێز بۆ حكومەتی داهاتووی عێراق و ئەو بڕیارانەی كە گەلی عێراق دەیدەن، دادەنێن، بە فیدرالیشەوە، پێویستە بە گومانێكی زۆرەوە چاویلێبكرێت.

توركیا لەوە تێگەیشتووە كە چیتر وەک جاران ناتوانێت ڕاستەوخۆ دەست لە كارووباری باشووری كوردستان وەربدات بە هۆی ئەو بەڵێنانەی كە ئەوروپا پێیان داوە بۆ بوونە ئەندام لە یەكەیتی ئەوروپادا، هەروەها تێكشكانی بەرەی توركمانی لە هەڵبژاردنەكانی كەركووک و عێراقیشدا، گورزێكی گەورە بوو لە توركیا كەوت. ئەمە سەرەڕای لاوازبوونی پێگەی توركیا لە قوبرس، هەموو ئەمانە وای كردووە كە توركیا ئەگەر ڕوكەشانەش بێت بانگاشەی ئەوە بكات كە لاپەڕەیەكی نوێ لەگەڵ كوردی باشوور دەكاتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە كە بەو سیاستەی دەیەوێت یەكیەتی نێوان ڕیزەكانی كورد بە تایبەتی، ئەو "هاوپەیمانێتیەی" نێوان پارتی و یەكیەتی تێكبدا و كورد بەرەو ڕۆژە تاڵەكانی ڕابردوومان بگەرێنێتەوە. ئەوەی كە وەفتی توركی تەنها سەردانی مام جەلالیان كرد و خۆیان لە پارتی پاراست دەكرێت وەک هەوڵێک بۆ دوور خستنەوەی ئەو دوو هێزە لە یەكتری هەڵبسەنگێنرێت، هەر هیچ نەبێت لە لایەنی دەروونییەوە، كە توركیا شارەزایە لە شەڕی دەروونی لەگەڵ كورد دا، چاوخشانێكی خێرا بە مێژووی پانزە ساڵەی شەڕی تورک لە باكووری كوردستاندا، بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات.

خۆ ئەگەر توركیا لە خەوی دەیان ساڵەی شۆڤینیستی خۆی بە ئاگا هاتبێتەوە، ئەوا دەبێت پێش هەموو شتێک مافی بیست ملیۆن كوردی باكوور بدات، هەقە لە هەموو دانیشتنەكانی سیاسەتمەدارنی باشوور لەگەڵ توركیادا، باسی مافی گەلی كورد لە باكوور بهێنرێتە بەر باس و خواس، بەو پێیەش پێگەی سیاسی ئەوان بە هێز تر دەبێت. ئەگەر توركیا تەحەمولی گۆرانییەكی فۆلكلۆری "كچا كوردا" نەكات و سیدیەكانی هونەرمەندانی كورد لە ئامەد پاش یەكساڵ بڵاوبوونە كۆ بكاتەوە و، بە جوادا خوازی تاونباریان بكات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە فیدراڵی باشووری كوردستان ڕازی نابێت ئەگەر لە دڵی خۆشیاندا بێت. تەنها یەكگرتووی كورد دەتوانێت ڕێگا بە سیاسەتی ساختەكارانەی توركیا و وڵاتانی تری داگیركەری كوردستان بگرێت. بەشداری كردنی كورد لە هەڵبژاردنەكانی عێراق {بەدەر لەوەی كە كێ لەگەلی بوو كێ دژبوو}، وایكردووە كە هەم شیعە و هەمیش سوننە حساب بۆ كورد بكەن و تەنانەت نەتوانن باسی دامەزراندنی حكومەت بكەن بەبێ حساب كردن بۆ سەنگی كورد.